# قامت وونادات هتاوو ات بخرا دوات كات كورت دبتو

له ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «قیامەت ڕوونادات هەتاوەکو کات بەخێرایی دەڕوات (کات کورت دەبێتەوە)، ساڵ وەکو مانگی لێدێت، ومانگ وەکو هەفتەی لێدێت، وهەفتە وەکو ڕۆژی لێدێت، وڕۆژ وەکو کاتژمێرێکی لێدێت، وکاتژمێرێک وەکو سووتانی گەڵای دارخورمای لێدێت».

[صەحیحە] [ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە یەکێك لە نیشانەکانی نزیکبوونەوەی قیامەت ئەوەیە کات بەخێرایی دەڕوات (کات کورت دەبێتەوە)، یەك ساڵ وەکو یەك مانگ تێدەپەڕێت، ویەك مانگ وەکو یەك هەفتە تێدەپەڕێت، ویەك هەفتە وەکو یەك ڕۆژ تێدەپەڕێت، ویەك ڕۆژ وەکو یەك کاتژمێر تێدەپەڕێت، ویەك کاتژمێر وەکو سوتانی گەڵای -سەعفی- دارخورما تێدەپەڕێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee